# له 8 ی مارسدا ژنانی عێراق دەنگی نا بۆ قانوونە کۆنەپە رستیەکان بەرز دەکەنەوە

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە یەکێك لە کێشە گەورەکانی حکومەتی دانراوی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە ئەوە بووە کەچۆن بتوانێ جارێکی تر ژن لە کونجی ماڵەوە قاییم بکات و زنجیریکۆیلایەتیلەدەست وپێی توندتر بکاتەوە ، سەرەڕای هەموو ئەو کێشمەکێشانەی کەهەیانە لە سەر دابەش کردنی کورسیەکانی دەسەلآت تەنانەت بۆیەك ساتیش کۆیلەکردن و بەدەرەجەدوو کردنی ژنانیان فەرامۆش نەکردوە ، دیارییەکانی ئەم دەسەلآتە بۆژنانی عێراق ئەوە بوو کە ڕۆژی لەدایك بوونی فاتیمە زەهرایان کرد بەڕۆژی ژنانی عێراق وفاتیمە زەهرا بەنموونەی باشترین ژنی سەر ڕووی زەمین لە قەڵەم درا ،

سەرەڕای ماهیەتی کۆنەپەرستانەی قانونی ئەحوالی شەخصی سەردەمی بەعس کەچی ئەوەشیان بەشایستەی ژنانی عێراق ڕانەبینی و بڕیاری (137) یان دەرکرد کە بەگوێرەی ئەم بڕیارە ئەم قانوونەیان تەسلیم بەدەستی مەلاو ئاخوندو دین کرد ،ئەم قانونە ئەوەندە کۆنەپەرستانە بوو کە هەر مەلایەك ئەیتوانی بەگوێرەی عەقڵی خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی ژنان بدا ، ئەمانە جگە لە دەیان کێشمە کێش لەسەر ئەوەی کەنابێ ژنان بەشداری لەدەسەلآتی سیاسیدا بکەن . هەڵبەت ژنان لەبەرامبەر ئەمەدا بێدەنگ نەبوون و وەلآمی دان شکێنیان بەم عەقڵیەتە کۆنەپەرستانەیە دایەوە وە ناچاریان کردن کە بڕیاری 137هەڵوەشێننەوە .

ژنان و پیاوانی یەکسانی خواز!

هەشتی مارس ڕۆژێك نیە کەتەنها بۆنەیەك بێت و ڕێزی لێ بگرین و بڕوات ، ڕۆژێك نیە کەوەکو هەر بۆنەیەك ئاهەنگی بۆ بگێڕین و بڕوات ،وە ئەو ڕۆژەش نیە کە تەنها وەکو ڕوداوێکی مێژوویی سەیری بکەین و لەلاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار کرابێ ، هەشتی مارس زەنگی دەست پێ کردنی خەبات بوو دژ بە عەقلیەتی کۆنەپەرستی دژ بەکۆیلایەتی ژنان دژ بە دەرەجە دوویی ژنان ، قوربانیانی ئەو ڕۆژە ئالآی ڕزگاری ژنانیان بەرز کردەوە دژ بەدنیای پێچەوانە بەخواستەکانی ئینسان ، خەباتی ژنانی عێراق لەدژی ڕژێمە کۆنەپەرستە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق سەلمێنەری ئەم ڕاستیە یە وەبە تایبەت لەم دووساڵەی دواییدا وە وەستانەوەی ژنان دژ بەبڕیاری 137و کردنی بۆنەی فاتیمەی زەهرا بەڕۆژی ژنانی عێراق.

دەبا هەشتی مارسی ئەمساڵ بکەین بەڕۆژی هاتنە مەیدانمان بۆبەدیهێنانی سەرجەم خواستەکانمان ، با لەمارسی ئەمساڵدا رایگەیەنین کەچیتر ڕیگەنادەین عەقلیەتی کۆنەپەرستی خۆی فەرز بکا بەسەر کۆمەڵگەدا ، کۆمەڵگای عێراق کۆمەڵگایەکی مەدەنیەو ڕێگە نادات ژن بەعینوانی ژنبوونی لەکونجی ماڵەوەدا بەند بکرێ ، بالەم مارسەدا دەنگی یەکسانی خوازیمان بدەین بەگوێ ی هەمووددنیادا، باهەموومان بەیەك دەنگ هاوارکەین و بڵێین نابۆکۆیلایەتیژنان، نابۆدەرەجەدوویی نابۆحیجابی زۆرەملێ نابۆقانوونی ئەحوالی شەخصی کۆنەپەرستانە نابۆچەند ژنەونیزامی پیاو سالاری ، بەڵێ بۆ یەکسانی ژن وپیاو بەڵێ بۆجیایی دین لەدەوڵەت و پەروەردەو فێرکردن بەڵێبۆدنیایەکی ئازادو یەکسان

بژی هەشتی مارس ڕۆژی جیهانیژن

بژی یەکسانی هەمەلایەنەی ژن وپیاو

حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی عێراق

ڕێکخراوی کەرکوك

2005/3/3